## بەشی پێنجەم لە قەسیدەی :

### چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە !


بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا / کۆڵن
bhastiar@yahoo.de


: 2006/12/29

خەتابار ، کەس نییە ،
گومان لە خۆتان مەکەن ؛
بستێك لە خۆم دوور مەکەونەوە
گەر ویستتان ئەو دەمانچەیە بدۆزنەوە.....
کەللەی پڕ کردووم لە گوللەی بێ ئارامیی!!

******

چاویلکەیەك و گۆچانێکم هەبێت
منەتباری کەس نابم ،
دەرگای گۆڕستانەکەم نیشان دا !!

: 2006/12/30

یارمەتییم بە ....
کۆتری ئەم نیگەرانییە لە خۆم تەرە نەکەم ،
ئەمەویێت بەردەوام ترسی ون بوونت......
ئۆقرەم لێ ببڕێت ،
بۆ ئەوەی چاو و دڵمت لێ غافڵ نەکەم !!

: 2007/1/3

وەك باڵەخانەیەکی کۆن ، لە پڕ دائەڕمێم
ئەوەی ئەبێت بە ژێر دارو پەردووەکەمەوە
چەند مەترێك زەوی ڕووتەنە !!

******

تف لە فەساڵت ساڵی نوێ
ئەوە بۆ لێم مۆڕ ئەبیتەوە ؟

******

تەق .. تەق .. تەق ،
مەڵێ ، کێیە لەدەرگا ئەدات
ئەوە گوێتە ئەزرنگێتەوە !!

: 2007/1/4
سەیر لەوەدا نییە نەزانین کەی ئەمرین
بەزم ئەوەیە ، نازانین بۆ .....
ماشێنی دڵ هەر زرمەی دێت !!!!!

: 2007/1/5
لە هەمووتان پیسترم ،
کرم لە دەمم هەڵئەوەرێت ،
میکرۆب لە دەستەکانم ؛
لە هەمووتان خاوێنترم
عیشق لە دڵم سەر ئەکات ،
میهرەبانیی لە چاوانم !!
******

بۆ ، شار بە دەرم ناکەن ؟
من گوناهبارەکانتانم خۆش ئەوێت و
بە دڵ ،
ڕقم لە بێ گوناهە نەفرەتییەکانتان ئەبێتەوە !!

: 2007/1/7
من ناڵێم شەڕی عیشق ، لە بەتاڵیی باشترە
بەڵام گەرەکم بوو لەوە تێ بگەیت
کە من شەڕم بۆ سەرکەوتن نەئەکرد
تەنها ئەمویست .....
ساتێك نەمێنێتەوە بۆ بێدەنگیی ،
پەنایەك ، بۆ بیرچوونەوە !
******

نیگەرانیی ،
نەهامەتیی ،
نەفرەت ،
ئەو سێ درەختەبەردارەن .....

**نۆبەرەی میوەکانیان بەر من ئەکەوێت**

: 2007/1/14

**خۆرنشینێک....**

**بە دیار پرتەقاڵیبوونی هەورەوە دائەنیشم**

**خۆرکەوتنێک....**

**لە بریسکەی شەونمی سەر گەڵای مێخەکێک ڕائەمێنم ؛**

**چ کڵۆڵییەکە ئەوە ،**

**ئێواران مەرگی هەتاو هەراسانم کات و**

**سپێدانیش ، لە پرسەی ئاونگدا دانیشم !!!**

******

**ئەلف ، بێ ، جیم ، دال ،**

**ئێوە و هاوەڵە نەفرەتییەکانی ترتان ....**

**لە کوێوە سەرتان دەرهێنا !؟**

**ئەنگۆ نەبوونایە.....**

**کەس نەیدەزانی بڵێت " شەڕ " ،**

**مەرگ هەر ئەیفڕاندین....**

**بەڵام ناوێکی نەبوو لێی بترسین ؛**

**عیشقیش بە خۆی ڕەنگی ئەکردین**

**بەڵام مخابن ئەوسا نەمانئەزانی**

**بەچی بانگی کەین !!!!**

: 2007/1/17

**من ڕازییم یەکتری بسڕینەوە ،**

**ئێوە خۆشحاڵیی من و**

**منیش مەینەتییەکانی ئێوە ؛**

**گرنگ ئەوەیە نەوەستین ،**

**با بۆگەنمان نەگاتە ئەوپەڕی دنیا !**

******

: 2007/1/23

**من و ئەو ، بۆ ئەوە یەکترمان خۆش ئەوێت**

**تا ، هەناسەمان بەر پەردەی " وجود " بکەوێت و**

**جووڵەیەک بە ژیان ببەخشین ؛**

**كە ڕقیش لە یەك هەڵئەگرین**
**ئەمانەوێت بەر لە مردن**
**دەست لە تامی فەنابوونی خۆمان بدەین !!!**

: 2007/1/24
**بێ سنوور و**
**سەرکردە و سوپا ،**
**هەر سات و لە هەر کوێوە ئارەزوو کەیت**
**بە سانایی  داگیرم ئەکەیت و**
**یەکەم دەوڵەتی بێ ئاڵام ،.....**
**مەیلی ڕزگاربوونم نەبێت !**
******

**وەکو شیعر ، پەی بە کۆتایی خۆم نابەم ،**
**چەشنی بێ دەنگیی ، بێ نوتقم ،**
**دیارە لە نەسلی خاك و خۆڵیشم**
**کەس ، بیر لە دڵ ڕەقیی  هەنگاوەکانی ناکاتەوە و**
**گوێ بە خوڕەی ڕژانی خوێنم نادات**

: 2007/1/29
**فریای  بێزارییم بکەوە**
**نەبا  بمکات بە ژێر هەرەسی**
**تاوێرەکانی مەرگەوە ؛**
**ئەگەمە هانای  وەڕسییت**
**نەك بۆ شوێنێك ڕا پێچت کات ....**
**قیبلەنوومای ڕۆحیشم نەتدۆزێتەوە**